# ڕوانگەیەك بۆ ئەو شەڕە نێوەخۆییەی که بەکردەوە دەستی پێکردووە

تەقاندنەوەی مەزارو شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، هێرش کردنە سەر مزگەوتو دامەزراوەکانی سوننەکان تەواوی ئەو مەترسیو گومانانەی سەر ڕاست کردەوە کە سەبارەت بە جەنگی نێوەخۆی عێراق باسیان لێودەکرا. هەرچەندە سەرکردەی هێزە سیاسیەکانی عێراق تا ئێستاش جەخت لەسەر یەکێتی نێوان پێکهاتەکانو یەکپارچەیی خاكو سنووری عێراق دەکەنەوە، شێلگیرو لێبڕاوانەش بۆ سەرخستنی ئەو ئامانجەیان کاردەکەنو جەماوەریش بەرەو ئەو ئاقارە هان دەدەن، بەڵام ئاماژەکان ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێن کە شەڕ بەردەرگەی لێگرتووینو بە ئاسانی کۆتا نابێ.

مێژووی شەڕە نێوخۆییەکانی وڵاتانو هەرێمەکە، تەنانەت مێژووی شەڕی نێوەخۆی باشووری کوردستانیش ئەوەندە مەرگەسات ئامێزن کە هیچ کەسێکی خاوەن ویژدان ئارەزووی دووپاتبوونەوەیان ناخوازێو ئیرەییان پێنابات. لەبەرانبەر ئەو ڕاستیەشدا دەبێ قامك بخەینە سەر ڕاستیەکانی ئەو شەڕەی کە بەکردەوە لەنێوان شیعەو سوننە لەعێراقدا هەڵگیرساوەو بیخوێنینەوە، هەرچەندە سەرکردەکانی هێزە سیاسیەکانو بەرپرسەکانی حکومەت دەیانەوێ لەسەنگایی هەڕەشەکان کەمبکەنەوەو جەماوەری پێنەترسێنن، بۆیە نکۆڵی لێدەکەنو چاو لەئاست دیفاکتۆبوونی دادەخەنو دەیانەوێ لەبیرمان بەرینەوە.

شەڕی نێوەخۆ بەو واتایە لێکدەدرێتەوە کە ڕۆڵەکانی گەلو نەتەوەو پێکهاتەکانی ناو سنووری وڵاتێك لەسەر بابەتگەلێكو مەسەلەیەکی دیاریکراوی ڕەگەزی، ئایینی، خاك، موڵك لەگەڵ یەکتری ڕێکناکەونو هەڵناکەن، بەو هۆیەوە سوکایەتی بەیەکتر دەکەن، زیان بەموڵكو گیانی یەکتر دەگەیەنن، پەلاماری یەکتر دەدەنو یەکتری دەکوژنو دەیانەوێ بەهێز خواستی خۆیان بەسەر بەرانبەرەکەیاندا بسەپێنن. ئەمڕۆ بەرکردەوە ئەم جۆرە شەڕە لەنێو سنووری وڵاتی عێراقدا بەڕێوەدەچێ. سوننەکان ئامادەنین شانزنمی بۆ شیعە بکەن، بەفەرمانڕەوایەتی ئەوان ڕازی نین. شیعە تازە بەدەستەڵات گەیشتووەکانیش ئامادەنین جارێکی دیکە ویستو ئیرادەی خۆیان بەسوننە بسپێرنەوەو ڕێگەی دەستەڵاتو فەرمانڕەوایەتیان بۆ ئاوەڵا بکەنەوە. سوننە شەڕی گێڕانەوەی دەستەڵات دەکاتو شیعەش بەهێز پارێزگاری لەکورسی دەستەڵاتی بەدەستهێنراوی دەکات. بەدرێژایی سێ ساڵی ڕابردوو لەپەنای تیرۆرو تەقاندنەوەکاندا بەهەزاران کەسی سڤیلو لاشەڕ وەبەر پڕووشکی ئەو ئاگرە کەوتنو تیاچوون. لەو نێوەندەدا ناوبژیوانی کوردیو دەرەکی، بەتایبەتیش ئەمریکا لەشێوازی شەڕەکەی کەمکردۆتەوە. هەنووکە هیواو ئومێدی تراویلکەیی بە خەڵك پێشان دەدرێو دووپات لەسەر ئاشتەواییو ئارامیو ئاسوودەیی دەکرێتەوە، بەڵام لێرەدا دەبێ بپرسین: ئایا تا کەی و تا چ ئەندازەیەك ئەو ناوبژیوانیە کاریگەری خۆی دەبێو دەکارێ لایەنە ناکۆکەکان لەسەر مێزی دانوستاندا لەگەڵ یەکتر کۆبکاتەوە؟!. شیعەکان چەندین مەرجەعیەتی جیاوازییان هەیە، لەهەندێ پرسدا هاوڕامانن، بەڵام لەهەندێکی دیکەدا سەنگەر لەیەکتر دەگرنو یەکتر ڕەتدەکەنەوە. بەمەش هاوڕاییو هاوهەڵوێستی بۆ کپکردنەوەی ئاگری شەڕی نێوەخۆ، شەڕی ئایینزایی دەستەبەرنابێ. سوننەکان نە مەرجەعیەتێکی باڵاو کاریگەریان هەیە، نە حزبێکی بەتواناو دەستەڵاتداریان هەیە تا بکارێ بە گوتارو بڕیارێکی یەکگرتووانەو لێبڕاوانە ڕەفتار لەگەڵ بەرانبەرەکەیاندا بکەنو ئاگری شەڕی نێوەخۆ کپبکنەوە. کەواتە ئەگەر ئەمڕۆش لەبەر هەندێ هۆکاری نەتەوەیی و مەترسی لەهەڵوەشانەوەی عێراق هەندێ هێزو لایەن هەبن کە بۆ شاردنەوەی پشکۆی شەڕەکە کاربکەن، ئەوە لەداهاتوویێکی نە زۆر دووردا گڕدەگرێتەوە. گەورەبوونو بەردەوام بوونی شەڕی نێوەخۆ لەزۆر بوارەوە زیان بە پێکهاتەکانی نێو چوارچێوەی عێراق دەگەیەنێ. کوردی باشووری کوردستان کە بەزۆردارەکی نێشتیمانەکەی بەعێراقەوە لکێنراوە، لەدەستەلاتی عەرەبی دەمارگیرو ڕەگەز پەرستو پاوانخواز بێزارو ناڕازیە، لەنابەرابەری ستەمو چەوساندنەوەدا پڕبووە، ئیدی ئامادەنییە ویستو مافو دەستەڵاتی خۆی بەهیچ کام لەسوننەو شیعە بسپێرێتەوە. ئەگەر شەڕی نێوەخۆی نێوان سوننەو شیعە بەردەوامبێ، وێڕای ئەوەی لەبواری ئابوری و داراییەوە زیان بەگەلی باشووری کوردستان دەکەوێ، یەکێ لەو دوولایەنی شیعەو سوننەش هەوڵدەدەن بە کردەوە کورد پەلکێشی شەڕەکە بکەن. بەمەش ڕووبەڕووی شەڕێکی نەویستراودەبینەوە. پەلکێشکردنی کورد لەدوو ڕێگەوە هەوڵی بۆ دەدرێو بەئامانج دەگات، یان ئەوەتا هێرش بۆ سەر هەستی نەتەوەی دەکرێو بەو هۆیەوە لەگۆماوی خوێنی دەهاوێن یان هەستی ئایینیو مەزهەبی دەوروژێنرێو پەنا بۆ تێکدانو سوکایەتی کردن بە شوێنە پیرۆزییەکانی وەك یونس پێغەمبەر لەموسلو کڵکۆی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەبەغداد دەبردرێ. دەبێ هەر لەئێستاوە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئامادەکاری بۆ ئەو پێشهاتانە بکات. لەکاتێکدا ئەگەر ئەو پلانانە وەگەڕخران، نابێ ئەو خۆی بەشەڕی نێوەخۆ خەریك بکاتو هێزو توانای خۆی لەو نێوەدا بەفیڕۆ بدات. ئەوکاتە دەبێ کورد بەبێ سێو دوو ڕزگاری خۆی ڕابگەیەنێو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێکبهێنێ. ئەوەی هاوکێشە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان بەوردیەوە بخوێنێتەوە، دەبینێ کە ئەمڕۆ هێزو شیانی کورد لەهەموو کاتێکی دیکە لەبارترە. هەردوو لایەنە دەستەلاتدارەکەی باشوور خاوەن هێزێکی چەکداری بە ئەزموونو مەشق پێکراون. سەرۆك تاڵەبانیو سەرۆك بارزانیش وەك دوو سەرکردەی ناسراو ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێو پرسو ڕاوێژیان پێدەکرێ. لەم قۆناغەدا کورد تاکە هێزێکی بەرچاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە کە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزێو نەهێڵێ حکومەتی ئەمریکا بەدۆڕاوی لەهەرێمەکەدا بکشێتەوە. لەم سۆنگەیەوە ئەمریکا بایەخو گرنگی بە سەرکردەکانو هێزە سیاسیەکانو دۆزی کوردستان دەدات. تەنانەت کۆمکاری عەرەبیو ولاتانی وەك تورکیاو کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئیسرائیلیش ڕۆڵو سەنگایی کورد لەنێو هاوکێشەکەدا هەڵدەسەنگێنن، هەریەکەیان لەڕوانگەی بەرژەوەندە تایبەتی خۆیانەوە بە پارێزەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەنو لێی نزیك دەبێتەوەو دەیانەوێ هاوسۆزی لەگەڵدا بنوێننو بەلای خۆیانەوە ڕایبکێشن.

کورد لەهیواو ئاواتە دێرینەکانی خۆی نزیك بۆتەوە، ئەگەرچی بەدرێژایی سێ ساڵی ڕابردوو هێزە سیاسیەکانو سەرکردەکانیان شیانی خۆیان بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقو لەیەکتر نزیك کردنەوەی پێکهاتەکان دەکار کردووە، ڕۆڵی ئەرێنیان هەبووەو فاکتەرێکی کاریگەربوونە، بەڵام بۆ خواستی سەربەخۆی کوردستان ڕۆڵی نەرێنیان کایە کردووەو هیواو ئومێدەکانیان دوورتر خستۆتەوە. بە خۆیابوونی شەڕی نێوەخۆی نێوان شیعەو سوننە دەبێ هێزە سیاسیەکانو سەرکردەکانیان چاوێك بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی ڕابردوویان بخشێننەوەو بەلای کوردستانی بووندا بیشکێننەوەو لەخواستی بە دەوڵەتبوون نزیك بکەونەوە.